# نازانم ... ناشمەوێ بزانم !!!

مەلا جاسم

دوو لادان هەیە لە سەر ڕێگای خەڵکی، کە هەر دەم دەبنە هۆی تێکچوونی هاوسەنگییەکان و لە بیرکردنی ( **ڕێگای ڕاست** ) ، ئەم لادانانەش بریتین لە زێدەڕەوی ، و گوێنەدان ( الإفراط ، والتفريط ) . ئەمانە دوو دیاردەن، کە هەردەم کاریگەرییان لە سەر دۆزینەوەی هێڵی ناوەڕاست هەیە لە هەموو شتێکدا .

ئەوەی کە بەرچاومان دەکەوێ لە هەڵس وکەوتی ڕۆژانەی دەوروبەردا هەر شتێکی نامۆی تێدا بوو بزانە کە ڕەگی لەم دوو لادانە وەرگرتووە و تەنها چارەسەریش هەنگاو نانە بۆ وریاکردنەوەی خەڵك لێیان .

دیاردەیەکی زۆر باو لە ناو میللەتی خۆمان کە سەرچاوەی لەم دوو شتەوە گرتووە و بووەتە ویردی زمانی گەلێك لە خەڵکی و بێ بیر کردنەوە دەیڵێنەوە ، ئەویش ڕستەی:(نازانم و ناشمەوێ بزانم)ە. لەکاتێکدا ئەمە ئەڵێن، کە ئاگاداریان دەکەیتەوە لە هەڵەیەك یان شتێك سەر لە تاوانەوە دەردەکا ، بە گومانی خۆیان کە ئەگەر نەیزانن هیچ پرسیاریان لە سەری ناکرێ و لە ڕۆژی دواییدا وەکو نەیانکردبێ وایە .

لە ڕاستیدا نەزانین یەکێکە لەو دەستپێچ (عوزر)انەی کە بەندە لە ڕۆژی دواییدا دەتوانێ خۆی پێ ڕزگار بکا لە سزای پەروەردگار ، بەڵام ئەم نەزانینە بەو جۆرە نییە کە ئەگەر بتوانیت فێری بیت خۆتی لێ کەڕ بکەیت و وا بزانیت ئەوە دەستپێچە بۆ دوارۆژ ، جا ئەم کارە کاردانەوەی هەندێك بیروڕایە بەرامبەر بیروڕای دژ بەم شتە ، کە ئەو دەبێتە هۆی درووستبوونی دوو لادانە کە (الافراط والتفريط ) .

ئەم ووتانە لەم ماوەیەدا بە زۆری دەبیسترێ و بەرگوێمان دەکەوێ ، هۆکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ خاڵ لەوانە کاردانەوەی ئەو کەسانەی بە یەکجاری زیادەڕەوی دەکەن لە بە دواکەوتنی زانینی هەندێ شتدا کە نە خواو نە پێغەمبەر (ﷺ) پێی

ڕازی نین وەکو پەروەردگار ئەفەرموێ:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ)[1].

واتە ئەی باوەڕ داران پرسیار لە هەندێ شت مەکەن چونکە ئەگەر بۆتان دەرکەوێت زیانتان ەپێ دەگەیەنێت.

وە هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرموێ :

( إنَّما أَهْلَكَ الَّذينَ مِنْ قَبلكم كثرةُ مسائلِهم واختلافُهم على أنبيائهم ) .

ئەوەی بووە هۆی لە ناو دانی میللەتەکانی پێش ئێوە زۆر پرسیار کردن و سەرپێچیکردنیان بوو لە سەر پێغەمبەرەکانیان.

وە هەر وەها هۆکارێکی تر ئەوەیە، کە خاوەنی ئەو جۆرە وتانە کە دەبیستن ئەرکی زانایان لە نەزانان قورسترە وا بۆ خۆیان لێکدەدەنەوە کە ئەگەر نەزانن لە بەلاو سزای پەروەردگار دەیانپارێزێت ، گوایە بۆی دەبێتە دەستپێچ (عوزر).

## چەند نموونەیەك لە ئەرکی زانایان:

١- ئەگەر زانستی خوێندن تەنها دەبێ لە بەر خوا بێت و ئەگەر تۆزێك مەبەستی بگۆڕێت لە باتی خێر هەمووی بۆ دەبێتە تاوان ، ئەوشتەش کەم جار مرۆڤی لیێ ڕزگار دەبێت .

٢- هەر زانستێك زیاد بکات دەبێتە ئەرکێکی زیاتر لە سەری بۆ گەیاندنی ئەگینا سزای لە سەر وەردەگیرێت .

٣- جاری وا هەیە فەتوا دەدات و زانستی پێ نی یە ، ئەمەش تەنها دێتە ڕێی ئەو کەسانەی کە بە دوای زانست دا دەگەڕێن .

٤- پێویستە لە سەر زانایان، کە لە خوا ترسان کاری هەمیشەیی یان بێت ، چونکە پەوەردگار دەفەرموێ:

(إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ)[2] .

واتە تەنها لە ناو بەندەکانی خوادا زانایان لە خوا دەترسن.

٥- پێویستە زۆر ئاگای لەلە خۆبایی بوون بێت و خۆی لە خەڵك بە گەورەتر نەزانێت و ئەمەش بە بەردەوامی ڕوو بە ڕووی زانایان دەبێتەوە .

٦- خۆ پاراستن لە شەڕە دەم و مشت و مڕ لە گفت و گۆدا ، ئەمەش زۆر قورسە مرۆڤی زانا خۆی لیَ بپارێزێت .

٧- ئەبێت بەردەوام زانستەکەی دوو بارە بکاتەوە ، چونکە ئەگەر لە بیری بچێتەوە ئەوە زانستەکەی بۆ دەبێ بە تاوان.

(١) (المائدة: من الآية١٠١))

(٢) (فاطر: من الآية٢٨)

٨- خۆ پاراستن لە دەمار گیری و تەقلیدی کوێرانە، وە لە پێشخستنی ڕای کەس بەسەر ڕای پێغەمبەردا (ﷺ) .

٩- خۆپاراستن لە پەلە کردن لە فەتوادان ، وە زۆر بە ووردی ئەبێ بە دوایا بگەڕێ .

١٠- خۆپاراستن لە ڕق هەڵگرتن لە موسڵمانان، ئەمەش زۆر جار لەبەر ئێرەیی ( حەسادەت ) دروست دەبێ کە لە نیوان زانایاندا باوە .

ئەمانەو سەدان ئەرکی تر کە لە ژیانی ڕۆژانەی خاوەن زانستەکاندا پێویستن و ئەرکیان قورسە .

جا ئەو جۆرە کەسانەی ئەیانەوێ خۆیان لەوشتانە بدزنەوە ئەڵێن : ( لە ڕۆژی دوایی ئەو عوزرەم هەیە کە بڵێم: "خوایە من نەمزانی" و نەزانین یەکێکە لە دەستپێچەکانی بەندە بۆ خۆپاراستن لە ڕق و سزای خوا وەند .

بۆیە زۆر جار ئەبیسینەوە لە کاتی ئامۆژگاری کردندا خەڵکێکی ڕوو لە دین و لە خواترس( نازانم ... ، ناشمەوێ بزانم) یان کردووەتە ویردی زمان و وادەزانن ئەوەیان بەسە !! .

بۆیە دەبێ ئەم تراویلکەیە کە کۆتاییەکەی هەڵدێری خاوەنەکەی تێدایە بۆ موسڵمانان ڕوون بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی چیتر بەم فێڵەی شەیتان نەخەڵەتێن و پەیمانەکەی بەدرۆ بخەینەوە کە وتوویەتی : دەبێ هەموو بەندەکانی خودا لە ( **ڕێگای ڕاست** ) لا بدەم ) .

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ڕێگا خوارەی شەیتان و ڕووناکبیرکردنی موسڵمانان بە تێگەیاندنیان لە لادانی ئەم ڕیگەیە دەبێ بە ڕوونی بنەبڕی هۆکارەکانی بکەین بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەو تێکەڵ و پێکەڵ کردنە لە ناو میللەتی موسڵمانی خۆماندا نەبینین ، بە تایبەتی لە ناو ئەو کەسانەی کە گەشبینن بە گەیشتن بە پەروەردگار و چاوەڕێی ئاسایشن لە ڕۆژی دوایی پڕ مەترسیدا ، بەم شێوەیە:

یەکەم : نابێ کاردانەوەی موسڵمان بەرامبەر هیچ زیادەڕەوییەك بە گوێنەدان بێت ، هەروەکو چۆن کاردانەوەی گوێنەدان بە زیادەڕەوی نادرێتەوە ، چونکە زیادەڕەوی و گوێنەدان، دوو شتی هەڵەن و لەخاوەن هەڵە دەوەشێتەوە ، نابێ مرۆڤی ژیر و خوازیاری ( **ڕێگای ڕاست** ) ملی هیچیان بگرێت بۆ بنەبڕی ئەوەکەیان ، هەر لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێ :

شوکر هۆشیارە( مەحوی) تێدەگا دونیا خەراباتە

کەبەد مەستی بکا ئەهلیخراپەی بۆچی لێ دەگرم ؟!

**چارەسەری، یان هەوڵدان بۆ دوور کەوتنەوە لە هەموو هەڵەیەك، بە گرتنەبەری ( ڕێگای ڕاست ) دەبێ . ئیتر** ئەگەر چەند سەخت بێت بۆیە (مەحوی ) پێش ئەو بەیتەی پێشوو دەڵێ :

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاهو
هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ من بەرقی
تێدەگرم .

کەوابوو هەموو جارێ شتی بەرامبەر چارەسەر ناکا ، هەروەکو چۆن هەموو جار ئاگر بە ئاو ناکوژێتەوە ، بگرە هەندێ جار ئاگر بە ئاو زیاد دەکات وەکو زانایانی ( فیزیا ) دەڵێن .

ئەگەر ئەمەمان لا ڕوون بێت، ئەوەش ڕوون دەبێتەوە کە لە ئەنجامی زۆر ڕۆچوونی هەندێك لە ناو زانستخوازیدا تا سەری لە زیادە ڕەوییەوە دەرکا“ وامان لێ ناکا ئێمە دەست لە زانستخوازی بشۆرین.

دووەم : ئەگەر زانایان ئەرکیان قورسە بێگومان پاداشتیان لە خەڵکی تر گەلێك زۆرترە ، وەکو خواوەند دەفەرموێ :

[يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ](٣)

**واتە: خوای گەورە باوەڕداران بەرز دەکاتەوە و ئەوانەی کە خاوەن زانستن چەندین پلە بەرزیان دەکاتەوە.**

وە ئەفەرموێ :

[قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ ](٤)

**واتە: تۆ _ واتە پێغەمبەر (ﷺ)_ پێیان بڵێ: ئایا ئەوانەی کە دەزانن و ئەوانەی کە نازانن وەکو یەکن. تەنها ئەوانە بیر دەکەنەوە کەخاوەن ژیرین).**

سێیەم : ئەو ئەرکە قورسانەی لە سەر زانایانە مانای وا نیە پەروەردگار لە سەر نەزان هیچی دانەناوە“ چونکە بە پێویستی گێڕاوە مرۆڤ شارەزابێت لە ئایینەکەی بۆ ئەوەی توشی هەڵە نەیەت، چونکە (ڕێگای ڕاست ) بە بێ زانست نادۆزرێتەوە، کەوا بوو هەر پێویستییەك کە لە ئیسلامدا قەیدی بۆ دانەنرابێت هەموو ڕێگایەك بۆی پێویستە ، وە (**ڕێگای ڕاست**) بە پێویست دەگێڕێ زانستی بۆ کۆبکرێتەوە . ئەگەر نا تاوانی نەدۆزینەوەی و تاوانی بەدوا نەگەڕانی لە سەر خاوەنەکەی دەنوسرێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێ :

[وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى . قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى

(٣) (المجادلة: من الآية١١)

(٤) (الزمر:٩)

وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا . قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنْسَى] (طـه:١٢٤-١٢٦).

واته: هەركەسێك پشت لە قورئانەكەم بكات ئەوە ژیانێكی ناخۆشی دەدوینێ و لـە ڕۆژی دواییـدا بـە كـوێری زینـدووی دەكەینەوە.دەڵێ:خوایە بۆچی بە كوێری زیندووت كردمەوە وخۆم چاو ساغ بووم، خـــواش دەفـــەرموێ: هـــەروەها ئایەتـەكانمانت بـۆ هـات و لـە بـیرت كـرد وەهـــەروەها تـــۆش ئـــەمڕۆ پشـــتگوێ دەخرێیت.

كەوا بـوو لـە بـیر كردنـی ئایەتـەكانی خواوەند دەبێتە هۆی پشـتگوێ خسـتنی لە ڕۆژی دوایی .

خوا هـەموومان لـە سـزاكەی پـارێزراو بكـات و ڕێگـای زانسـتی شـەرعیمان لا خۆشەویسـت بكـا بـۆ ئـەوەی ( **ڕێگـای ڕاست**)ـەكەی خۆی كـە پێـی ڕازی بـووە بۆمان، بیدۆزینـەوەو بیكەینـە بەرنامـەی ژیانمان .

## ﴿من أقوال السلف﴾

١. ( من تَرَكَ حَديثاً مَعروفاً فلم يَعملْ بهِ وأرادَ لهُ عِلةً أن يطرحَهُ فهو مبتدع )[1] / نُعَيم بن حماد (رحمه الله) .

واته : هەر كەسێك فەرموودەیەكی ناسراو (واته:صحیح) واز لێ بێنێت و كاری پـێ نەكات و بەدوای ڕەخنەیەكدا بگەڕێت بۆ ئەوەی كاری پێ نەكرێت ئەوە بیدعەچییە

٢. ( الجماعة : الكتابُ والسُنة ، وإنْ كُنتَ وحدَك )[1] / ابن مسعود (رضي الله عنه) . واته : (الجماعة) بریتییە لە قوئان و سونەت ئەگەر تەنها هەر خۆشت بیت .

٣.( العلمُ قبضات ، فإذا ماتَ عالمٌ ذهبَتْ قبضةٌ )[1] / ابن مسعود (رضي الله عنه) . واته : زانسـتە شـەرعیەكان چـەند مشـتێكن ، هـەركاتێك زانایـەك بمرێـت مشـتێكی لـەناو دەچێت و دەڕوات .

٤. ( إذا رويت عن النبيِّ (صلى الله عليه وسلم) حديثاً صحيحاً فلم آخُذ بِهِ فأنـا أُشـهدُكم أنَّ عقلـي قد ذهب )[1] / الامام الشافعي (رحمه الله) .

واته : ئەگەر فەرموودەیەكی (صحیح)م گێڕایەوە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) و وەرم نەگرتوو كارم پێ نەكرد ، ئەوا ئێوە شاهید بن كە من عەقڵ و هۆشم نەماوە .